مەسرور بارزانی: لە سایەی حکومەتی هەرێم ئازادی رادەربڕین و ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان هەیە

سەرۆکی حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی لە یادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی لە پەیامێکیدا ڕایگەیاند، لە یادی ڕۆژنامەگەریی کوردی و دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) لەلایەن میر میقداد میدحەت بەدرخان و ساڵیادی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، پیرۆزبایی لە گشت ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

مەسرور بارزانی دەشڵێت: جێی خۆشحاڵی و شانازییە کە ڕاگەیاندنکاران لە هەرێمی کوردستان و لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بە ئازادی و بە هیچ سانسۆرێک کاری پیشەیی خۆیان دەکەن و تەواو ئازادن لە ڕەخنەگرتن و باسکردنی پشێلکارییەکان و کەم وکورتی و کەمتەرخەمییەکانی حکومەت، حکومەتیش وەک هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەری ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارانی کوردستان دەبێت بۆ ئەوەی بە هاوکاریی هەموو لایەک، بتوانین کوردستان لە هەموو بوارەکاندا، بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووتر ببەین.